

سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی

# 3

## گرنگیی ناسینی كامێرا

سەرەتاییترین هەنگاو بۆ چوونە نێو دونیای فراوانی فۆتۆگرافییەوە، لە پاش ویستو عەشقی مرۆڤ بەفۆتۆگرافو دواتر ئامێری كارەكەیە، كە مەبەست لێی (كامێرا)یە بەگشتی. لەو رووەوە دوو بۆچوونی باو هەیە كە بەتەواوەتی ناكۆكی یەكن، بەجۆرێك كە فینینگەر دەڵێت: "مەرج نییە خاوەنی باشترین كامێرا، خاوەنی باشترین فۆتۆ بێت". وەك چۆن لەبەرامبەردا هەندێكی تر رایان وایە مەرجی سەرەكی بۆ هێنانەكایەی فۆتۆیەكی بەتەواو مانا هونەریی بریتییە لە (كامێرا). لەو نێوانەدا گەر تۆ باوەڕ بە هەركامێكیان دێنی ئازادی، بەڵام ئێمە سوود لە هەردوو دیدەكە وەردەگرین، بۆیە ناسینی كامێرا رێخۆشكەرو هاندەرە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی هونەریی كەسێك لە بواری فۆتۆگرافیدا. هەرچەندە ئەم پێوەرانە لە هەندێك بەش یاخود بواری فۆتۆگرافیدا بەتەواوەتی رەتدەبنەوە، ئەویش گرتنی فۆتۆیەكی هەواڵییە، كە بە (فۆتۆجۆرنال) ناودەبرێتو لەهەمانكاتدا دەربڕی جۆرێك لە بنەماكانی هەواڵە، وەك چۆن خۆی بەتەنها فۆتۆیەكە. رەنگە گەیاندنی ساتەوەختێكی زۆر مرۆیی گەورەبێت، كە دەتوانین نموونەی ئەو جۆرە فۆتۆیانە لە هەرێمی كوردستان، كارەساتی كیمیابارانەكەی هەڵەبجە بهێنینەوە، كە تێیدا ئۆزتورك توانیی لە رێگەی فۆتۆی (عومەری خاوەر)ەوە رەمزێكی نەتەوەیی بۆ كورد دروستبكات.



بەگشتی دەتوانین بڵێین ناسینی كامێرا لەلای كەسی فۆتۆگرافەر مەرجێكی سەرەكیی گرتنی فۆتۆیەكی هونەرییە. هونەریی بەو مانایەی بتوانین بڵێین ئەو فۆتۆیە رووناكیو هەستیاریو كادرو رەنگو هەموو پێوەرەكانی تێدا رەچاوكراوە. لە ژمارەكانی داهاتوودا دەچینە سەر باسی شێوازەكانی گرتنی فۆتۆیەكی هونەریو هەوڵدەدەین نموونەش بخەینە بەردەست.